# تێگەیشتن لە خۆشەویستی

# وەك دیاردەیەكی دزێو، بۆ!

فەرهەنگ تاهیر گۆمەشینی

**پێشەكی:**
**لەم بابەتەدا تەنها ویستومە بیرتانی بهێنمەوە کە زەنگێکی ترسناك لە پشت هەموومانەوە لێدەداو هەستی پێناکەین ترسناکە بۆ سەر خوێندکاران، مامۆستایان، کچان، کوڕان‌و بۆ سەر شیرازەی خێزان‌و بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی دزێوی‌تر کە هەقە بە بەبیرێکی تازەی رۆشنبیرانە بەری لێبگرین‌و رووبەڕووی بینەوە تا شتەکان نرخی خۆیان هەبێت‌و بەچاوی خۆیان سەیریان بکرێت.**

حەز ناکەم نووسینەکەم بە وشەی (بەداخەوە) دەست پێبکەم، چونکە لەوانەیە خۆش نەبێت داخ بۆ خۆشەویستیش بەکاربهێنم، بەڵام پێموایە هەر بابەتێك لەسەری بنووسرێت و باسی لێوە بکرێت هەقی خۆیەتی ڕوخسارو ناوەڕۆك‌و ماناو نرخ‌و سەرجەم لایەنەکانی دەربخرێت‌و باشیی‌و خراپیی ئەو دیاردەیە هەڵسەنگێنرێت و وردو درشتی لێکبدرێتەوە تاهەم نووسینەکە جۆرە پێزێکی پێوە دیاربێت، هەم ڕووی راستەقینەی بابەتەکەش دەربکەوێت، ئەگەر وامان نەکردو هەرجارەو لەهەر بابەتێك بە ئارەزووی قەڵەمێك قسەمان کرد من ئەمە بە خەتەرو هەڵەیەکی زەق دەزانم، بەهەر حاڵ نامەوێت لێرەدا باسی ئەوجۆرە دیاردانە بکەم.

دیارە خۆشەویستی وەك واتایەکی زۆر گەورە، جوانترین دیاردەیە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان خۆشەویستییان هەبێت‌و بەهەڵە لێی نەڕوانن‌و بۆ خۆشەویستی‌و لە پێناویدا تا دەتوانن قوربانیی بدەن. بەڵێ خۆشەویستی نەعەیبەیەو نە تاوانەو نەدژی یاساو دەستوورە، نەکوفرەو نەدژی ئایینە، بەڵکو مافێکی رەواو ئاسایی هەموو کەسێکە، بەڵام چۆن؟ کەی؟ لەکوێ؟ بۆکێ؟ بۆچی؟ ئەم وردە پرسیارانە وەڵامی زۆرو دوورودرێژ هەڵدەگرن، هەقیشە هەموو لایەك ژیرانەو بە عەقڵێکی کراوەو هەستێکی قووڵ‌و خاوەن تێگەیشتنێکی واقیعیانە بۆ وەڵامەکان بڕوانین و لەڕوانگەی خۆشەویستییەوە بڕواننە ژیان، با بەختەوەریی ژیانیش لە چاوی خۆشەویستییەوە هەڵێنجن ئینجا با لێکدانەوەمان هەبێت بۆ تێگەیشتن لە خۆشەویستی.

من پێموایە کۆمەڵێك خەسڵەت و مەرج و بنەما هەن کە ئەگەر بێت‌و بە چاوێکی مەوزوعی‌و گشتگیریی لێی بڕوانین، چەند پێوەرێك هەن ئەگەر بێت‌و بیانکەین بە کۆڵەکەی لێکدانەوەکانمان نەك هەر بۆ خۆشەویستی‌و تێگەیشتن لە خۆشەویستی بگرە بۆ سەرجەم راستییەکان، ئەوا بێگومان لێکدانەوەکانمان هەم راست دەردەچن هەمیش لە دیاردەکان بەڕاستی تێدەگەین‌و لێرەشەوە بە هەڵە لە دیاردەی گەورەو پیرۆزی خۆشەویستی تێناگەین. نەگبەتیی ئێمە لەوەدایە هەرچی ئازادییەکانی تاك هەیە لەژێر ناونیشان‌و لەناو چوارچێوەی جۆراوجۆرو لەژێر قاڵبی بڤەو عەیبەو لۆمەو سەرزەنشتدا بوونەتە شتی غەریب‌و دیاردەی نامۆ. لێرەدا پێمخۆشبوو ئەگەر خوێندنەوەیەکی خێراش بێت باسی دیاردەی خۆشەویستی بکەم، لەوەش بەرەو خوارتر "خۆشەویستی سۆزداری" کە هەرچەندی لەسەری بنوسرێت یان باسی بکرێت یان لێکدانەوەو تێگەیشتنی زۆرو جۆراوجۆری لەسەر بکرێت پێموایە هێشتا ناگاتە پیرۆزیی‌و نرخی خۆشەویستی.. دەپرسم ئایا خۆشەویستی مێژووە؟ ئایا خۆشەویستی لەکەیەوە بۆتە دیاردە؟ ئایا خوێندنەوەی گەنجەکان بۆ خۆشەویستی چییە؟ باشە بۆ خۆشەویستی ببێتە دیاردەیەکی ئابڕووبەرو خەڵکیی بەقێزەوە سەیری بکەن؟ یان بۆچی گەنجێك لە قۆناغی زانکۆدا نەتوانێت خۆشەویستی بکات‌و بە هەڵە لێی تێبگات؟ باشە بۆچی خۆشەویستی جۆرێك لە ڕۆشنبیری لەگەڵ نەبێت؟ ئەی باشە بۆ هەموو کەسێ وەك یەك بۆی هەبێت خۆشەویستی بکات لە کاتێکدا کەسانێك هەن بە سەقەتی دەیکەن؟ ئایا بۆ تەنها جوانیی یان دەوڵەمەندیی ببێ بە پێوەر بۆ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی خۆشەویستی؟ ئەی کاریگەریی هەندەران لەسەر بوونی خۆشەویستی چییە لەم رۆژگارەی ئەمڕۆدا؟

لەوانەش گرنگتر، بۆچی خۆشەویستی هۆیەك بێت لە هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان‌و تەنها وەك کات بەسەربردن سەیر بکرێ؟ ئایا لەبەرچی تائێستا گەنجی کورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی توێژینەوە یان لێکۆڵینەوەی زانستیی هەبێت بۆ مەسەلەی خۆشەویستی؟ ئایا خۆشەویستی لای کچ زیاترە یان لای کوڕ و بۆچی؟

ئایا پەیوەندی چییە لە نێوان هاوکێشە سیاسی‌و ئابووریی‌و کۆمەلایەتییەکان لەلایەك‌و خۆشەویستی لەلایەکی‌ترەوە؟

ئەی کاریگەریی ئەو هاوکێشانە چی‌یە لەسەر خۆشەویستی؟ ئەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان تا چەند رێگرن یان زەمینە خۆشکەرن بۆ خۆشەویستی؟

بە بڕوای من هەقە خوێنەر ئەو پرسیارانەو کۆمەڵێکی تر کە لەمێشکی خۆیدا خول دەخۆنەوە وەڵامیان بداتەوە تا دەگاتە ئەو قەناعەتەی من کە خەریکین بەهای شتە پیرۆزەکان ناهێڵین‌و لە نرخیان کەم دەکەینەوە. کورد گوتەنی قسە قسە ڕادەکێشێت، منیش هێشتا درێژە بە پرسیارەکانم دەدەم، باشە بۆ گەنجێك دوای قۆناغی زانکۆ یان هەر لە ناوەندێکی وەك زانکۆ پەیوەندییەکی پتەوی خۆشەویستی دروست دەکات‌و دوای ماوەیەکی زۆر واز لەو بناغە خۆشەویستییە پتەوە دەهێنێ‌و دەڵێ حەزدەکەم خزمێك یان ناسیاوێك ببێت بە هاوسەرم؟ ئایا ئەوە ڕمانی هەست‌و نیشانەی نەبوونی وێژدان نییە؟

ئایا ئەو کچەی کە سێ ساڵ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ بەستووە لە ڕووی دەروونییەوە ناڕۆخێ؟ یان لەکەدار نابێت؟ باشە بۆ بەو جۆرە پیرۆزیی کەسێکی‌تر بەناوی خۆشەویستییەوە بشکێنرێ؟ یان بۆچی کچێکی جوان‌و شۆخ‌و شەنگ دوای پەیوەندییەکی خۆشەویستی سەرکەوتوو لە ناکاو ملی چارەنووسێکی نادیار دەگرێ‌و شوو بە پیاوێکی هەندەرانی دەکات؟ باشە بۆ؟ بۆ؟ بۆ؟ هەزاران پرسیاری تر کە هەموویان بەجێن بوروژێنرێن و قسەیان لەسەر بکرێت، چونکە بێ وەڵامی ئەو پرسیارانەو وەڵامە نێگەتیفەکانی بەشێك لە پرسیارەکانی‌تر خۆشەویستییان کردۆتە دیاردەیەکی دزێو کە پێموایە کار بەوجۆرە بێت‌و بەو شێوەیە لێکبدرێتەوە ئاکامی خراپی دەبێت بۆ سەر شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان. هەقە هەموومان بە بیری تەمەنی هەرزەکارییەوە بیر لە خۆشەویستی نەکەینەوەو رێگەنەدەین لە پەنجەرەی خۆشەویستییەوە کوڕو کچە گەنجەکانمان لە پێش چاوی یەك ناشیرین ببن.

سڵاو بۆ ئەو مرۆڤە پاك‌و بەوێژدانانەی کە لە پێناوی خۆشەویستیدا قوربانییاندا تاگەیشتنە لوتکەی خۆشەویستی.. بە هیوام هەموو لایەك بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردەیە بکەین‌و هەڵە نەکەین لە خوێندنەوەکانماندا بۆ تێگەیشتن لە خۆشەویستی.